## یەکەم: لێوردبونەوە لەڕوانگەی قورئانی پیرۆز.

1- خوای گەورە فەرمووویەتی:

﴿ كتاب أنزلْناه إِلَيك مبارك ليدبروا آياته وليتذَكر أُولُوا الْأَلْبابِ ﴾ [ص: 29].

واتە: ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە دامان بەزاندووە بۆلای تۆ، تابیر لەئایەتەکانی بکەنەوە، بۆئەوەی کەخاوەن بیرو هۆشەکان پەندی لیَ وەرگرن.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گـەورە بـۆی ڕوون کردوینـەوە کـەگرنگترین مەبەسـت لـەناردنی قورئـانی پـیرۆز بیرلـیَ کردنەوەو

لیَ وردبوونەوەیەتی، نەك تەنها خوێندنەوە، (سەرەڕای ئەوەی کە خوێندنـەوەی قورئـانی پـیرۆز پاداشـتێکی زۆری هەیە).

(حسن البصري) ( ڕەحمەتی خوای لیَ بێت) فەرمویەتی: (سوێند بەخوا بیرکردنەوە (تدبر) لـەقورئانی پـیرۆز بریتـی نیەیە لە لەبەرکردنی پیتەکانی وخەتم کردنـی، کەسـی وا هەیـە دەڵێـت قورئـانم هـەموی خوێنـدەوە بـەلاّم لـەکردارو ڕەوشتیدا ڕەنگ ناداتەوە).

2-خوای گەورە فەرمووویەتی:

﴿ أَفَلاَ يتدبرونَ الْقُرآنَ ﴾ [النساء: 82 ].

واتە: ئەوە بۆ ئەوانە سەرنج لە قورئان نادەن؟! ( إبن الكثير) فەرمویەتی: خوای گەورە فەرمان دەكات بە بەندەكانی کە وردبنەوە لەقورئان و بیری لیَ بکەنەوە، وە قەدەغـەیان دەکـات لەپـشت هـەڵکردن لـەقورئان وتێگەیـشتن لـەمانا داڕێژراوو ووشە پاراوەکانی: ئەوە بۆ وردنابنەوە لەقورئان .

بەڕاستی فەرمانێکی ڕاشکاوانەیە بەڕامان و وردبونەوە لەقورئان، وە فەرمانیش لەشەرعدا واتای واجب دەگەیەنێت.

3-خوای گەورە فەرمویەتی:

﴿ الذين آتيناهم الْكتاب يتلُونه حق تلاَوته أُولَـئك يؤمنونَ بِه ﴾ [ البقرة: 121].

واتە: ئەوانەی کە کتێبی ئاسمانیمان بۆ ناردون، بەجوانترین شێوە دەیخوێننەوە ئەوانە باوەڕیان پیَیە.

(إبن الكثير) ( ڕەحمەتی خوای لیَ بێت) لەعبدالله ی کوری مسعودەوە گێڕاوێتیەوە فەرمویەتی: (سوێند بـەو خوایەی کە گیانی منی بەدەستە، ماف دانی تەواو بەخوێندنەوەی قورئـان، ئەوەیـە کەحەلاڵـەکان بەحـەلاڵ بزانـی و حەرامەکانیش بەحەرام بزانیت، وەقورئان بەو شێوەیە بخوێنیت کەخوای گـەورە ناردویـەتی، وە( إمامی الـشوكانی) (ڕەحمەتی خوای لیَ بێت) فەرمویەتی: (يتلونه) واتە: ئیش بـەوە دەکـەن کەتێیدایـەتی، وەنـاتوانین کـار بـەقورئان بکەین ئەگەر لێوردبونەوەو زانستی لەگەڵ نەبێت.

4-خوای گەورە فەرمویەتی:

﴿ ومنهم أُميونَ لاَ يعلَمونَ الْكتاب إِلا أَمانِي وإِنْ هم إِلا يظُنونَ ﴾ [ البقرة: 78 ].

واتە: هەندێ لەوانە نەخوێندەوارن، کە هیچ لەکتێبی خوا نازانن جگە لەچەند ئاواتێك، وە ئەوانە هەرگومانیان کردۆتە پیشەی خۆیان، (إمامی الشوکانی) سەبارەت بەم ئایەتە فەرمویەتی: وتراوە (الأماني) واتە: خوێندنەوە، واتە: هیچی

لێ نازانن تەنها خوێندنەوە نەبێت، دەیخوێننەوە بەبێ ئەوەی هیچی لێ تێبگەن ولێکی بدەنەوە.

هەروەها( إبن القیم)( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: خوای گەورە سەرزەنشتی ئەوانە دەکات کە مانای قورئان دەگۆڕن، وەئەو نەخوێندەوارانەی کەهیچ لەقورئان نازانن تەنها خوێندنەوە نەبێت بەوانە دەوترێت: (الأماني).

5- خوای گەورە فەرمویەتی:

﴿ وقَالَ الرسولُ يا رب إن قَومي اتخذُوا هذَا الْقُرآنَ مهجوراً ﴾ [ الفرقان: 30 ].

واتە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ئەی پەروەردگارم بەڕاستی ئوممەتی من وازیان لەقورئان هێناوەو لێی دورکەوتوونەتەوەو پشت گوێیان خستوە.

(إبن الكثير) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: هیجران واتە: ( وازهێنان لەماناو لێکدانەوەی، وەهەروەها(إبن القیم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: ( هەجرکردن و وازهێنان لەقورئان چەند جۆرێکە: چوارەمیان: وازهێنان لەماناو لێوردبونەوە و........

WWW.BA8.ORG